# ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یادی 27 تەمین ساڵڕۆژی ئاشکرابوونی هەڵسووڕان کۆمەڵە لە شاری ئۆسلۆ لە وڵاتی نۆرویژ

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2006/2/24 ی زایینی لە شاری ئۆسلۆ لە وڵاتی نۆرویژ ڕێو ڕەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی 27 مین ساڵڕۆژی ئاشکرابوونی خەباتی کۆمەڵە بە بەشداری خەڵکانێکی زۆر کە لە ڕێگای دوور و نزیکەوە خۆیان گەیاندبۆ شوێنی ڕێوڕەسمەکە، بەڕێوە چوو.
ڕێوڕەسمەکە بە سروودی "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانین" لە لایەن کۆڕی هۆنەری ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە نۆرویژ و هەروەها دەقیقەیەک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی کاک محەمەد حوسەینی کەریمی و هەموو شەهیدانی کۆمەڵە و سەرجەم گیانبەخت کردوانی ڕێگای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد دەستی پێ کرد،

پاشان هاوڕێ هێرش عەلیزادە بەرپرسی کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناڤی کۆمەڵە بروسکەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلەی بە بۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزە، پێشکەشی بەشداربووانی کرد. دوای وتاری کۆمیتەی ناوەندی ، پەیام و برووسکەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی نۆرویژی، کوردستانی و ئێرانی پێشکەش کرا. ئەم بەرنامەیە هەروەها لە لایەن بەرێوەبەرانی ئاهەنگەکە بە شێعرو پەخشانی جوان ڕازابۆوە. بەشی دووهەمی ئەم شەوئاهەنگە لە لایەن هونەرمەندانی ناسراوو دەنگ خۆش ڕازاندرایەوە.
ڕێوڕەسمە لە ناو خۆشی و شادمانی بەشداربووان دا لە کاتژمێر یەکی نیوەشەو کۆتایی پێهات.



ئەم حیزب و ڕێکخراوانە بەشداری ڕێورەسمەکە بوون کە ووتار یان بروسکەیان ئاراستەی ڕێورەسمەکە کرد:

1- "Heikki Holmås" هەیکی هۆلمۆس" ئەندامی پارلەمان لە حیزبی سوسیالیستی چەپ، ووتەبێژی سیاسەتی ئابووری حیزبی سوسیالیستی چەپ لە پارلەمان، هەروەها Torgeir Holgersen لایان دەفتەری حیزبی سوسیالیستی چەپSV لە ئۆسلۆ لەوێ حازر بوو.

2- Rune Tokle "روونە تۆکلە" سکرتاریاتی حیزبی کار لە لایان حیزبی کار Arbeiderpartiet (سوسیال دیموکراتەکان)

3- Bjørn Tore Egeberg ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و یەکێ لە بەرپرسانی بەشی پیشەیی "ئالیانسی هەڵبژاردەی سووور" RV، نوێنەری کرێکارانی "پۆست و تێلگراف و لێدری یەکێ لە بەشەکانی "اتحادیەی کرێکارانی نورویژ LO.
4- ئەرلینگ فۆلکورد، ئەندامی ئەنجوومەنی شاری ئۆسلۆ، ئەندامی پێشووی پارلەمان، سیاسەتوانی ناوداری نۆروێژی، دۆستی دێرینی کورد و نووسەر.



5- پەیامی SOS-Rasisme لە لایان بەڕێز کاک ئیدریس سابیر عزیز پێشکەش کرا، ڕێکخراوی SOS لە ساڵی 1985ی زایینی لە وڵاتی نۆروێژ بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕێکخراوی دژی ڕەگەزپەرەستی SOS-Racisme لە فەرانسە دەستی بە هەڵسووڕان و چالاکی کرد، ئامانجی هەرلە سەرەتاوە تائێستا ئەوە بووە و ئەوەیە هەوڵ بدا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەربلاویی دژی ڕەگەزپەرەستیی هەردەم ڕوو لە زیادبوون لە شکڵی ڕەگەزپەرەستی/ نازیستی ڕێکخراوەیی، ڕەگەزپەرەستی دەوڵەتی، یان ڕەگەزپەرەستی ڕۆژانەی ژیانی ئاسایی خەڵک. ئەم ڕێکخراوە خاوەنی 350000 ئەندامە.
6- بروسکەی پیرۆزبایی ڕێکخراوی "کۆمەک" لە لایان بەڕێز کاک جیهاد حەمە کەریم
7- کۆمیتەی هاوکاری هێزە کوردستانیەکان
8- یەکیەتی نیشتمانی کوردستان/ عێراق
9- پارتی دیموکراتی کوردستان / عێراق
10- حیزبی دیموکراتی کوردستانی/ ئیران
11- پارتی دیمۆکراتی کوردستان / باکور
12- پارتیا یەکیەتیا کورد لە سوریا
13- حیزبی شیوعی کوردستانی/ عیراق
14- سازمانی خەباتی کوردستانی/ ئێران
15- کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان
16- ڕێکخراوی چاک لقی نۆروێژ
17- ڕێکخراوی کۆمەک
18- کۆمیتەی یارسان نۆروێژ

19- ڕێکخراوی ژنانی سەربەخۆی کورد لە نۆرویژ
20- حزب مردم بلوچستان / نۆرویژ
21- یەکیەتی ژنانی کوردستان ڕێکخراوی نۆرویژ
22- پەیامی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە / نۆرویژ لە لایان هاوڕێ کاکۆ عەلیار
23- پەیامی ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە / نۆرویژ لە لایان هاوڕی فریشتەی گوڵپەروەر
24- بەڕێز کاک عەبدوڵا حیجاب، کەسایەتی سیاسی
25- بەڕێز کاک جەعفەری حامدی، کەسایەتی سیاسی

شاعیران کاک عیماد زەنگەنە و کاک ئیدریس سابیر عەزیز هۆنراوەی تایبەت بە 26 ڕیبەندانیان، پێشکەش بە بەشدارانی شەوئاهەنگەکە کرد. هەروەها کەناڵی ئاسمانی کوردسات وڕۆژهەلات تێ ڤی لەوێ بوون و ڕاپۆرتیان لەم ڕێوڕەسمە ئامادە کرد. شایانی باسە کە لەم ڕێوڕەسمە شکۆدارە زیاتر لە 700 کەس بەشدار بوون.

لە کۆتایی دا لە لایەن لێژنەی بەڕێوەبەری ئەم شەو ئاهەنگە، هەروەها لە لایان کۆمیتەی کۆمەڵە لە وڵاتی نۆرویژ و سەرجەم هەموو کادر و ئەندامانی کۆمەڵە لە وڵاتی نۆرویژ سپاس و پیزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە بەشداری ئەم ڕیورەسمە بوون و بە پیی توانا یارمەتیان داین بۆ باشتر بەرێوەچوونی ئەم شەو ئاهەنگە.

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران .. کۆمیتەی نۆرویژ

.............................................................................................

**Committe off komala in Norway – e.mail : komala_no@hotmail.com**
**Tel : (0047) 900 891 26 - Postbanken : 05355661913**
**Adress : komala – postboks 115 linderud 0517 Oslo Norway**